# «هەی لەوانە پیدەچێت نەیانبیستبێت عێراقی سبەی دیموکراتی دەبێت»

رێبین هەردی

روداوەکان بەشێوەیەکی سەیر تێپەڕین..بڕواناکەم سەدام نەماوە و کۆتای پیهاتووە، بڕوا ناکەم چیدی کەس بەدوامـاندا ناگەڕێت تا بەرەو سەربازی یان زیندانمان بەرێت، بڕوا ناکەم جارێکی دی دەتوانین پیاسەیەک بە ئەبونەواسدا بکەین و لەچایخانەیەکی سەر دیجلە چایەکی تاڵ بخۆینەوە..من لێتان ناشارمەوە ئیستاش جاروبار هەستدەکەم شتێکم لێ وونبووە، شتێک کە هەمیشە نیگەران و دوودڵێ دەکردم و دەیترساندم...بیبردەکەمەوە من تەمەنێک بەم نیگەرانی و ترسەوە ژیاوم و بووە بە بەشێک لەژیان و بگرە لەکەسایەتیم..سەدام رۆی و لەگەڵ خۆشیدا تەمەنیک لەنیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەوەی ماوەتەوە بیرەوەری رۆژگارێکە کە دەرفەتیکی بۆ گریانیش تیا نەبوو، دەرفەتێکی بۆ بەزەیی و دڵنەوایی تیان نەمابوو..من لەم رۆژانەدا و لەسەردەمی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا بۆ یەکەمجار و لەناکاو ئەوەم دۆزیەوە کە من هەرگیز بۆ هەلەبجە و کوژراوەکانی نەگریاوم، بۆ ئەنفال و ماڵە بێ سەروشوێنەکان پەستنەبووم..ئەو رۆژانەم دیتەوە یاد..من لەگەل سەدان پیشمەرگەی دیدا لەشانەخسێ بووم، لەشەڕێکی دوراو لەناوچەکانی دۆڵی بالیسان گەڕابوینەوە، بارانێکی زۆر دەباری و هەموو سەرمامان بوو، چادرێکمان هەبوو کە زیاد لە ١٠کەسی تیا دەنوست، ئالەوکاتەدا دەنک و باسی کیمابارانی هەڵەبجەمان لەرادیۆ بچوکەکانی دەستمانەوە بیست..لەیادمە هەموو هەوالەکەمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە بەڵام نەک بەخەمەوە، ئیستا بیردەکەوە ئیمە لەزەتیشمان لەو گێڕانانەوە وەردەگرت، هەر دەمانگوت و دەمانگوتەوە..بەڵام ئەمڕۆ تیدەگەم نەک لەبەرئەوەی زۆر کاری لێکردین، بەڵکو لەبەرئەوەی بەخۆمان بڵێین بەس نیە ئێمە ماوین و بەر کیمیاوی نەکەوتین..بیردەکەمەوە ئیمە لەو هەواڵە ناخۆشەدا بەدوای کارەسات و خەمەکانیدا نەدەگەڕاین، بەڵکو بەدوای مژدەی ژیان بە خۆماندا دەگەڕاین..دەتگوت خۆشحاڵین!!خۆشحاڵین کە ئێمە توانیومانە بە زیندووی بمێنینەوە و لەناونەچین..(هەرچەندە یەک دوو رۆژ دوای ئەوە فڕۆکەکانی رژیم شانەخسێشیان کیمیاباران کرد و هەموومان بە ئعجوبە دەرچووین، بەڵام ئەمە چیرۆکێکی ترە کە کەسانی تر رۆژێک دەینوسن و دەیگێڕنەوە) بەڵێ هاوڕێیان! من لەناکاو بۆم دەرکەوت من هەرگیز بۆ هەڵەبجە نەگریاوم،،لەبەرئەوە دانیشتم و بەدەم وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا تا بەیانی گریام، ئێستا بیرمدەکەویتەوە ئیمە چەند منالّ و ژن و پیاوی گەنج و پیرمان لەو شارەدا لێکەوت..بیرمکەوتەوە ئەمە یەکەمجارە بۆ هەڵەبجە دەگریم، یەکەمجارە وینەی ئەو ژن و منالّ و پیرانە دەمگرێنێ..لەم رۆژانەدا و لەگەڵ وتوێژ لەگەل هاوڕێیاندا بەمەبەست و بێ مەبەست ناوی ئەنفالّ و هەڵەبجە دێنم..هاوڕێیەک رۆژیک پێی گوتم «ئەری بوو بەچی ئەوەندە باسی دەکەیت، ئەمە شتە ئەوەندە باسکرا بی لەزەت بووە»..بیرمکردەوە بەلام من

هەرگیز باسمنکەردووە، هەرگیز ئەم روداوە هێندەی ئێستا لای من روینەداوە، شەو دیسانەوە لەماڵەوە بەدیار هەواڵەکانەوە گریام، لەهەمو وێنەیک و هەموو هەوڵێکدا وێنەی هەڵەبجەییەکان و ئەنفالەکانم دەبینی، لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو سایەقی بلدۆزەرەدا کە هاولاتی بلاویکردەوە، تا بەیانی گریام..زۆر گریام و دەمزانی ئەمە یەکەمجارە من بۆ ئەوان دەگریم. سالانێکی زۆرە لەخۆم دەپرسم ئەری بۆ هەڵەبجە و ئەنفال وا بەئاسانی فەرامۆشدەکرێن، بۆ کەس بەجدی وەریناگرێت و ئەو هەژانە دروستناکات کە پێویستە؟ بۆ تەنها دەبیت بە موناسەبەیەکی سالانەی بێ خەم! ئێستا تێدەگەم، کارەساتێک نابی بە کارەسات بەهۆی ژمارەی کوژراو و گەورەی ویرانکردنەکانیەوە، بەڵکو ئەو کاتە دەبێت بە کارەسات کە زۆرترین ئەو کەسانە دەگرێنێت کە ماوون و نەمردوون..پێدەچێت کارەساتیش وەک شۆڕش وابێت..وەک چۆن شۆڕش بەگۆڕانەکانی ناوخۆیدا ناناسرێتەوە، بەڵکو بەو گۆڕانانەدا دەناسریتەوە کە لە لەسەیرکەرانیدا دەروستیدەکات، هەرواش کارەسات بەخۆیدا ناناسرێتەوە، بەڵکو بە گریان و خەم و پەژارەی سەیرکەرانیدا دەناسرێتەوە. وە ئەمڕۆ و تەنها ئەمڕۆ هەستدەکەم کە ژمارەی ئەو کەسانە کەمبوون کە بۆ هەڵەبجە و ئەنفال گریان...نەک لەبەرئەوەی بۆیان گرنگ نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی بەراستی تەنانەت لەو سەردەمەدا دەرفەتیک یان پشویەکیش بۆ گریان نەبوو..بەلام تۆ بڵێی ئیدی لێرە بەدواوە شتەکان بگۆڕێن وا نەبن..تۆ بڵێی وەک ئیستا ئیدی بتوانین بگرین ..تۆ بڵێی عێراقی داهاتوو دەرفەت و پشویەکمان بداتێ کە بتوانین تیاییدا بەزەیمان بەخەڵکدا بێتەوە و بتوانین بەبی خۆشاردنەوە و بەبێ فەرامۆشکردن هەست بە هاودەردی لەگەل کەسانێکدا بکەین کە ئەگەرچی نەماندیوون و نەماننناسیوون، بەلام بای ئەوەندە سیمایان لە ئیمە دەچێت کە بتوانین بۆ یان بگرین..

دڵی خۆم خۆشدەکەم و لەتەسریحەکانی بەیاتی و هەندێک لایەنی دیدا کە باسی فیدراڵی بۆ کورد دەکەن، ئۆمێدەکانم زیاد دەکەن، بەخۆم دەڵێم هیچ نەبێت ئێستا کەسانیک هەن لەوێ دڵیان بەکورد بسوتێت. ئێستا مەکیە و موفید جەزائیریەک لەوێن تا دوو قسەی خیر بکەن..بەلام هەواڵەکان هێشتا هەر خۆش نین..شار پڕبووە لە سەیارەی بەغدادی کە دەگوترێت دزراوە..لەهەندیک گەرەکی بەغدادا هەندیک گروپی چەکدار دروستبوون بەتایبەت بۆ دزە کوردەکان و لەهەر شوێنیکدا بیانبینن سەیارەکەیان لیدەسێنن و رەنگە بیشیکوژن..هەندیک تەرم بۆ سلێمانی هاتۆتەوە.هاوڕێیەکمان کە تازە لەبەغدا هاتۆتەوە دەڵێت روومنەدەهات بڵێم من کوردم..هاوڕێکەم دەیگوت کێشەکە لەوەدایە مقەڕی سەرەکی فرۆشتن و کڕینی سەیارە بارەگاکانی سیاسیەکانی خۆمانە...هاوڕێکەم شتی زۆر ناخۆشی گێڕایەوە کە ئەو شەوە خەوی لەمن حەرامکرد..بەلام لەوێ ئەحمەد موفتی بینی بوو..ئەو هاوڕێ عەرەبەی من کە رۆژگارێکی سەختی بەسەربردووە و بێ ئەوەی بزانین لە سوریاوە تەسلیمی عێراق کراوەتەوە..ماوەیەکی زۆر لەزیندانی ناسریەدا بووە و لەگەڵ هاتنی هیزەکانی ئەمریکادا رزگاری بووە، خودا خوشیویستووە کە بەرلەهاتنی ئەمرکا نەیانکوشتووە..هاوڕێکەم لەوی بینی بووی و باسی ئیمەی لەگەل کردووە..هێشتا زیندووە، هاوڕێکەم دەیگوت هێشتا پێدەکەنێت. لەولاتدا هیشتا کەسانێک ماوون کە حەزدەکەین بیانبینن و پیکەوە کەمێک پێبکەنین...دەمەویت لەزەت لەکەوتنی سەدام وەرگرم، دەمەوێت حەقی سالانێکی زۆری مەراق و دەربەدەری و راکردن بکەمەوە..بە هاوڕێیەکم گوت ئامادە

نیم گوی لەهیچ هەواڵێکی ناخۆش بگرم و بیری لیبکەمەوە، پیمگوت با ریگە بەخۆمان بدەین جارێک دڵمان خۆش بێت، جارێک بی ترس و دڵەراوکێ تەماشای بەیانی بکەین..پیمگوت ئێستا دەمەویت بۆ کوژراوەکان بگریم، ئیستا دەمەویت هەقی هەموو ئەو ماوەیە بکەمەوە کە بەزەی و فرمێسکم تیا دۆڕاندبوو..دەمەویت شتێک لەو ئینسانیەتە مومارەسە بکەم کە ماوەیەکی زۆر لەدستمدابوو، هیچ ماوەیەک هێندەی ئێستا نامگرێنێ...لەگەڵ وینەی ئەو پیاوە پیرەدا کە بە پێلاو دەیکێشا بە رەسمەکەی سەدامدا گریام، بەڵام خۆشحاڵ و بەختەوەر بووم..من ئێستا تادەتوانم لەزەت لەکەوتنی سەدام وەردگرم و هاوڕیکانم هانددەدەم رێگە نەدەن هیچ هەواڵێکی ناخۆش، مافی ئەم لەزەتەیان لێ بسێنێ..دەزانن! من هەستدەکەم وەک چۆن کارەسات نابی بەکارەسات گەر کەسانێک لەدەروە بۆی نەگرین، هەرواش خۆشی نابێت بەخۆشی گەر کەسانێک بۆی پێ نەکەنن..بگرە من با توندتر بڕۆم و بڵێم بڕوامەوایە برێکی زۆر لەداهاتوومان پەیوەندی بەوەوە هەیە چەند لەزەت لەکەوتنی سەدام وەردەگرین...یەکێک لە رێگەگرتنەکان لە هاتنەوەی رژیمێکی هاوشێوەی سەدام، پەیوەندی بە رادەی ئەو لەزەتەوە هەیە کە لەنەمانی سەدام وەریدەگرین..هەستدەکەم ئەو کەناڵە عەرەبیانەش کە بەردەوام خەریکی ئەوەن هەلومەرجی دوای سەدام وەک کارەسات و بەدبەختی پیشانبدەن، ئەوەیە رێگە لەم لەزەتە بگرن..رێگە نەدەن کەس دڵی خۆش بێت و پیبکەنێت، بۆئەوەی جارێکی دی هیچ کەس بیر لە روداوێکی هاوشێوە نەکاتەوە..کەوابوو با چەند ئەوان وەستایەتی لە پیشاندانی کارەساتدا دەنوێنن، ئێمەش وەستایەتی لە لەزەت وەرگرتن و پیکەنیندا نیشانبدەین. من ئەو رۆژەی بەغدا رما لەسەهوڵەکە لەگەڵ شاهۆ و ئارام سەعیدا ، هەڵپەڕیم و ئەو رۆژە زۆر بیری ئیوەم دەکرد و پڕ بەدل حەزمدەکرد لێرە بونایە..شار هەر هەمووی هەڵدەپەڕی و رۆژیک بوو لەرۆژە خۆشەکانی ژیان..من کاتی راپەڕینیش هێندە دڵمخۆش نەبووە..پەیامنێرێکی فەرەنسی لێی پرسیم بۆ ئەوەندە دڵت خۆشە: گوتم چیدی راناکەین، چیدی کیمیایمان بەسەردا ناکرێت، چیدی دێکانمان ناگوێزرێنەوە، ئایا ئەمە بەس نیە بۆ دڵخۆشی؟

«عێراقی داهاتوو دیموکراتی دەبێت» هەموو رۆژێک ئەم قسانەم گوی لێدەبیت و بیردەکەمەوە پێدەچێت شتێکی دی لە داهاتوودا هەبێت. دڵی خۆم خۆشدەکەم و چاو لەو تەسریح و تورەیی و تەوژمە قەومیە عەرەبیە دەپۆشم کە گۆیم لێیان دەبێت...بیر لەو رەفتار و کردەوانە ناکەمەوە کە دەلالەت لەهەموو شتێک دەکەن، جگە لەدیموکراتی..سەیری کۆبونەوەی حەوزەییەکان و قەومیەکان و لاوازی و بێدەنگی سیاسەتمەدارانی کورد ناکەم و چاوی خۆم لە بەرنامەی راگەیاندنە کوردیەکان کە پرە لەگۆرانی داواکراو و هەڵپەڕکێ دەنوقێنم و بەراوردی ناکەم بە راگەیاندنی کۆیەتی کە بۆ ٦٠٠ کەسی خۆی رۆژ لە دوای رۆژ و سات لەدوای سات راگەیاندن و خەڵات بۆ ئەو کەسانە دەردەکات کە هەواڵی ئەسیریکی بەنێ، لەخۆم ناپرسم ئەرێ کەس بۆچی بۆ ١٨٠هەزار کوردی ئەنفالکراو ناگەڕێت، کەس بۆ گۆڕێک ناپشکنێ، کەس بۆ کامێرایەک بەدەستەوە ناگرێت و گۆڕە بە کۆمەڵەکان بگەڕێت و راپۆرتمان پیشکەش بکات، کەس بۆ خەڵاتێک دانانێ بۆ ئەو کەسەی زانیاریەکی لەبارایانەوە هەیە..بیرلە هیچ یەک لەم شتانە ناکەمەوە و دەڵێم سبەی باشتر دەبێت، «سبەی عیراقێکی دیموکراتی» دروستدەبێت».

هاوڕێیانی هاوڵاتی هەواڵی شەڕی کەرکوکم پێدەدەن و باس لەکوژرانی هەندیک کورد و عەرەب دەکەن، هەوالی دروسبوونی رێکخراوێکی تیرۆریستی عەرەبم دەدەنی کە ناوی خۆیان ناوە «ریکخراوی مار» ئەمانە بۆ کوژرانی کورد دروستبوون..لەوێ دێمە دەرێ و بەخۆم دەڵێم «هەی لەوە.. لەوەدەچیت ئەوان نەیانبیستبی کە عیراقی داهاتوو دیموکراتی دەبێت». دێمە ماڵەوە گوی لە قسەکانی پاچەچی دەگرم و دەبینم باسی عەرەبێتی دەولەتی عێراق دەکات و هەر لەخۆشی ناپرسێت گەر ئەم دەوڵەتە عەرەبیە، ئەی کورد لەناویدا چی دەکات؟،گوێم لە فرطوسی دەبێت کە داوای حوکمی حەوزە دەکات و لەقسەکانیشیدا هەرەشە لەهەر هەڵبژاردنیکی دی دەکات، خۆپیشاندانی چەند هەزاری شیعە و سونیەکان دەبینم، مەلاکان بە جبە و عەباو ریشە بەناوبانگەکەی ئیسلامیەکانەوە لەپیشەوە دەڕۆن و داوای دەرکردنی ئەمەریکا و دەسەڵاتی ئیسلام دەکەن کە لەراستیدا نەک دەسەڵاتی ئیسلام، بەڵکو دەسەڵاتی تاک و تەنیای خۆیانە...گوێم لە خوتبەی هەینی موقتەدا سەدر دەبێت کە رۆژی دوای هاتنەوەی ئایەتوڵا حەکیم لەنەجەفەوە باسی دەسەڵاتی حەوزە دەکات و دوایش بەبێ پرسی کەس خۆی بە قسەکەری رەسمی شیعەی عیراق هەڵدەبژێرێ. لە میزگردی کەناڵە عەرەبیەکاندا هەندیک لاوی عێراقی دەبینم، ئەوەی باسی نەکەن کوردە و قسەکانیشیان بیری بەعس و سی سالی رابردووم دەخاتەوە... دزینی سەیارە و کوشتن لاملاولا بەردەوامە. هەواڵی یەکێک لەکەناڵە عەرەبیەکان باسی کوشتنی دووکەس لەبەر دزینی سەیارە دەکات... دەچم بۆ خەو و بەخۆم دەڵێم «هەی لەمانە لەوە دەچێت گوێیان لێ نەبووبێت کە عێراقی داهاتوو دیموکراتی دەبێت».

---

تێبینی: لەژمارە ١٣٤ چوارشەمە٢١ـ٥ـ«««٢٠٠٣ی هەفتەنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوکراوەتەوە»